
# شاعیر

سەربەست کەرکوکی

بێشک هەر کەسێک چەندێ کامڕەواش بێت، لە ژیاندا هەر هیچ نەبێت کەساسییەک سەر و شانی داخزاندووە و بەرەو ناخ ڕایکێشاوە، لە گوزەراندا نائومێدییەک نۆچی پێداوە، هەڵەتێک ڕێی نەهاتی پێ نیشان داوە و جوداییەک لە تەماویی تەنیاییدا گۆڕیچەی داوە.
بەڵێ ئەگەرچی زۆربەی قۆناخەکانی ژیان هەر زەمزەمەی شادیش بووبن، ڕێی مردن، ڕۆچوون بەرەو خەوتنی بێ هەڵسانەوە ملی هەمووان دەگرێت و ناویش؛ ناوی ئێمەیش – یا بە دەگمەن دەبێتە مێژووی لەبیرنەچوو، یا وەکو بڕکە عاگولێک تەپوتۆزی گەردەلوول بەرەو تەهی لەبیرچوون لوولی دەدات.
ئایا ئێمە ئەم ڕێگا و ڕووداو و بەختەمان هەڵبژاردووە، یاخود ئەوان ئێمەیان هەڵبژاردووە؟ ئایا ئەوانە ڕێگا و ڕووداو و بەختی کەسێکی تر بوون و بە ڕێکەوت بوون بە مۆرکی ژیانی ئێمە؟ ئایا و... ئایا و... ئایا.
لەوە دەچێت کە زۆربە هەست بکەین ڕووداوەکان، ڕێگاکان، بەختەکان، خەیاڵ و ئەندێشەکان هەر وەکو موگناتیس بەرەو خوغزی خۆیان ڕامانبکێشن، یا ئەوان سەرەڕۆ بەرەو ئێمە بێن. گرنگ نییە؛ گرنگ ئەوەیە بزانین، ئەمانە ڕێگەی ژیانن و بەرەو ڕووی هەموومانن. بەڵام ڕاکێشان بەرەو هەست و خەیاڵ؛ هەست و خەیاڵی ناسکی لەبیرنەچوو، ئەوانەی لە وەخت و لە ناوەختا سەر هەڵدەدەن و دێنە حوزوور، ئەوانەی مۆرکی تایبەتی هەستیارانەن، ئەوانەن کە تەنیا بەرۆکی شاعیران دەگرن.
ئەم هەست و خەیاڵانە، ئەم جیلوانە، بە هێواشی دێن، میوانی لەناکاون، زۆربەی کات درەنگە شەوان دێن، لەو کاتەدا دێن کە هەمووان نوستوون، لە خەو هەڵماندەسێنن، لە پڕ ڕاماندەپەڕێنن.
کە دەمانەوێت بخەوینەوە، ڕێگەگری گەڕانەوە بۆ خەو، پرسیاری بۆچی لە خەو هەڵساین دەبێت! ئەرێ بۆچی لە



سەربەست کەرکووکی

خەو ڕاپەڕین؟ نە دەنگ بوو ڕاپەڕاندین، نە سەرما بوو تەزووی پێ گەیاندین، نە گەرما بوو وەک مۆتەکە سەر سینگی گرتین. ئەی ئەم ڕاکێشانە چی بوو خەوی لە چاو فڕاندین؟
ئەگەر بە سەبر بین و ڕێز لە بێدەنگیی خەوزڕانمان بگرین، دەبینین هێواش هێواش نهێنییەکی بێزاری خۆمەڵاسدان، دەیەوێت بێتە ژێر قەڵەم و بدوێت و هاوار بکات. پڕ بە ڕستە و وشەکانی سەر کاغەز هاوار بکات و خۆی ڕەها بکات لە تەوقی نهێنی و قەتیسمانەوەی بێخی تاریکی.
ئەوجا دەزانین، تێدەگەین، کە ترسی لەناوچوونی هەست و خەیاڵێ، ترسی بە بڵقبوونی بیرێ بە خەبەری هانیووین.
لەو ساتە وەختەدا، لە کاتی هەڵقوڵانی نهێنییەک یا بیر و خەیاڵێکی پەنگخواردوو، سەرجەمی ژیانی خۆمانمان بیر دەکەوێتەوە، منداڵی و چەقاوەسوویيمان، هەرزەکاری و سەرەڕۆییمان، گەنجێتی و کلۆڵی عەشقمان، جێژوان و هەڕەشەی نەرێتمان، سەوداسەری و نائومیدییمان، دەستخەڕۆییمان، کوردایەتی و خۆشاردنەوەمان، ڕۆمانسیەتی سیاسی و بەندکردنمان، ئەشکەنجەدانمان، بێبەشبوونمان، شاخ و چیا و تەرتەبوونمان، ئاوارەیی و وەرتەبوونمان.
ئەمانە گشت ڕیز دەبەستن، بیر و قەڵەم دەورووژێنن، بە زۆریش بێت سەری دێڕەکانمان دەگرن.
ئێمەی شەونخوونێش، هیچ دەسەڵاتێکمان نامێنێت، لەوە زیاتر کە بیر و خەیاڵەکان ببەستینەوە بەو خۆشترین و ناخۆشترین ساتانەی ژیانمان و بیکەینە هاوڕێی بەدبەخترین یادگاری و تۆزقاڵە جارێکیش بیکەینە هاولفی ساتێکی شادی و کامەرانیمان و بەسەرهاتی ئەو خەڵکە کەساسەی ئێمە دەروێشی دەهریی ساتێکی خۆشگوزەرانیانین.
ئەمانە گشت، وێنە بە وێنە، ڕۆ دەچنە ناو ڕستەی خەیاڵی و واتای نائاساییمان، کە ئێمە لە کۆتاییدا ناوی دەنێین «شیعر».
کە بە شەکەتییەکی تاقەتبڕ تەواو دەبێن، دەمێک شانازی بەو چەند ڕەشنووسەمان دەکەین و شاعیر ئاسا بە خۆمان دەڵێین:
*خۆشە مۆمی خۆت ببینی، تا هەتایە هەر گەشاوە،*
*گەرچی ئەیزانی ئەوەستێ، تەوژمی دڵ لە ناکاوا...*
پاشان وەکو خۆ بە شێت زان، لچێکی لێ هەڵئەقورتێنین و بە تاسەیەکی منداڵانەوە تەماشایەکی جێگای ئەو خەوە لەدەستچووەمان دەکەین و بە نائاسوودەییەکەوە دەچینەوە ناو جێگا، گینگڵ دەدەین. وشە و وێنە و ڕیتمی شیعر لە هوروژم ناوەستن؛ ئەو ناوە هەمیشە زیندووانە، ئەو جێگە لەبیرنەچووانە، ئەو وێنە داگیرساوانە و ئەو وشە پڕ هارمۆنیانە... وژەیان دێت و دێن و دێن و واز ناهێنن. پارچەکاغەزی ترمان پێ ڕەش دەکەن و ئیتر هەر ڕستەیە و دەبێت بنووسریت، هەر وێنەیە و دەبێت لەناو دێڕەکاندا جێگەیان

بۆ تەرخان بکرێت و شــەکەت دەبین و بێ وزە، هێدی هێدی بێ ئەوەی ئاگامان لێ بێــت، پرخەی خەو دامان دەگرێت و لە شیرینی خەودا دەگەوزێین.
ژیــان هــەزاران قەڵبــەزەی گشتیشــی تێــدا بێــت، بــێ بەرهەڵســتیی شــاعیر لــە مەترســییەکەی ناگەیــن و ئــەوەش ڕاســتە کــە تەنیــا بە گــەڕان بــە دوای جوانکارییــە دنیای نەزۆک، بزۆز دەبێت و دەگۆڕرێــت و پڕ پیت دەبێت و دەبێتە بەرەکەتــی نوێبوونــەوە و تەرپۆشــی!
شــاعیر گەڕیدەی ئەو گۆڕانەیە، شاعیر وەنــەوز نادات، لەکاتێکــدا هەموو عالەم ســەر دەنێتە سەر سەرین. پێش ئەوەی جیهــان جووڵــەی وەخەبەربوونەوەش بنێت، شاعیر ئایەخە!
شــاعیر لــەو قوڕنــە و بوچاغانــەدا کەنارگیر دەبێــت، کە لەلای خەڵکانی تر مایــەی ئاوڕدانەوەش نین. لەو شــوێنە تاریکانــەدا ئامادەیــە، کــە بەبێ خشــپە جاڵجاڵۆکەکانیــش لە تەونەکانی خۆیاندا ساختە دەکەن. شــاعیر ئەو کەسەیە کە لە ناشــیرینیی ڕوخســاردا جوانی و لە جوانی بــێ کاکڵەدا دزێــوی دادەهێنێت، بۆیــە ڕاســتی فەرمــووە حەمــدی کــە دەڵێت:

*بە ڕەنگ و بۆ نییە، ئیحســانی دنیا هەر بە ڕێکەوتە*
*لە نەی شەکر دەباری، ژاڵە بەو شیرینییە تاڵە!*

گەرچــی جەنجاڵــی ڕووداوەکان، بیر و بۆچوونەکان، هەموو ڕۆژێ ڕووەو یەک ئاڕاســتەن، گەرچی هەموو شەپۆلەکان بــەرەو خوغزێکــی دەستنیشــانکراوی دەریــان، بــەڵام ئاڕاســتەی شــاعیری ڕاستیویســت زۆربەی کات ڕەچەشکێنە و بەرەواژەی ئاڕاســتەی ســەرگردانیی خەڵکە. شەپۆلی شاعیر بەرەو ئەو ڕۆخ و کەنارەیە کە جوغزی نییە و تا نەگاتە چــرۆی بەهــار، ڕاماڵینی ســنووورداری ناوەستێنێت، بۆیە گۆران دەڵێت:

*هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور*
*بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور*
*تا نەگەڕێ مێرگی بەهار*
*دەم نانێتە ناو دەمی یار*

هەر شــاعیرە کە خاکی کردۆتە دایک و ئاســمان بە خەیــوەت و پەناگە و خۆر بە پەرســتگای هەمیشەیی. هەر شاعیرە کــە لەگەڵ نهێنیی زریــان دەچرپێنێت و هەورەتریشــقە تیشــکی ژیانەوەی پێ دەسپێرێت.
هــەر شــاعیرە کــە ئەندێشــەی

# لە پێش هەموو شتێکا چۆلەکە کوردم
# چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم




مرۆڤپەروەریی لە دڵیدا باغ و باغاتە و گوڵخونچەی شەنگوڵیی خۆی لای کێژان نا، بەڵکو لە بەردەم ئەمدا دەکاتەوە.
هەســت و ئەندێشــە بە ئارەزووی خۆیان دەچنە خزمەتی شــاعیر تا مەڵۆیان بکات و بیانکاتە شارا.
وشــە و ڕســتە هەر خۆبەخۆ پێیان خۆشە بەرەو خەیاڵی بێ سنووری شاعیر ڕیز ببەستن.
هەر بە ڕستە و وێنەی شاعیرە، کە کۆڵانە لەبیرچووەکانی منداڵی دەژێنەوە و دەبنە شــانۆ و بە حیکایەت و حیکایەتیش بە وانە و تاقیکردنەوەکانیەوە بەرەو ئاســۆمان دەبات.
بەرهەڵســتکارانی شاعیر ئەوانەن کە نایانەوێت سروشت، ژیار نا بەرجەستە ببینن، ڕیاڵەتە لای ئەوان تاشەبەردی سەرڕێگایە؛ زەق و ڕەق و چەقیو. ئەوان وەکو نازم حیکمەت نین، بگەڕێن بۆ چەندین واتای دیاردەیەک، نازم لە نهێنیی مەرگ (ئۆلۆمن سرر)دا دەڵێت:

*مەرگم، لە گەنجێ پرسی، دەستی کردە پێکەنین*
*گووتی: لە مەرگ تێناگەم، گەنجان هی ئەو باسە نین*
*لە پیرێکی ڕیشسپی، پرسیم بۆ تۆ مەرگ چییە*
*گووتی: ژیان تاڵاوە، بێ مەرگ چارەی دیم نییە*

ئەوان؛ نەیارانی شــاعیر، درەختیان هەر بەو چــاوە دەوێت کە (دارا) لە پۆلی یەکدا دەیبینێــت. ئــەوان نایانەوێــت بزانن کــە ڕیالەتە؛ لــە چاوێکەوە بۆ چاوێکــی تر، لە ڕۆژێکەوە بۆ ســاتێکی تر، لە شوێنێکەوە بۆ ئەوی تر، لە هەورازێکەوە بۆ نشێوێ، دەگۆڕرێت و بەردەوام دەگۆڕرێت و لەو بزووتنەوەیە ناکەوێت.
لە دنیادا، بە ئەندازەی ژمارەی دڵەکان، ژیانەکان، هەســتەکان و لە هەر ســات و لە هەر جێگایەکدا ڕیالەتەی جیاواز هەیە.
ئێمەی مرۆڤ هەر چۆنێک بێت، هەر کەسە و توانا و قودرەتی سنووورداری خەون و خەیاڵی خۆمان هەیە. بەڵام خەڵکانێکمان هەن لە خەیاڵکردندا سنووریان زیاتر و زۆتر بڕ دەکات و هەندێ جاریش خەون و خەیاڵیان بێ سنوورە.

چەڵەمەش لەوەدایە، لەلای ئەوانەدایە، لە سنووربڕیی هەستیاران و لە بێسنووریی شاعیرانمان یا دەترسن، یاخود لە نەوەستان بۆ وەستاندنی هەر ناوێک و هەر هەوڵێک کە خەریکی پەرتپەرتکردنی هەر دیاردەیەکی سنووردارە.
هەموو دونیا قایل بێت و ملکەچ بکات و بڵێت نایەکسانیی ژیان هەر بووە و هەر دەبێت، شاعیرانی وەکو کامەران لەپاش مردنیش، ئێستاش هەر دەنرکێنن و هاوار دەکەن:
وتم: زۆرداری و خوێنمژی، چەوسانەوە، نابێ بژی
ناحەزانی شاعیران، ئەو کەسانەن کە پەیڕەوانی ئایدیایەکی نەمر نین. بۆ ئەوەی خاوەندی ئایدیایەک بێت، گرنگ نییە دەرویش بیت، بەڵکو دەبێت هەڵگری ترس و بوێری، بیروباوەڕ، سۆز و خەیاڵێک بیت بێ سنوور، لە هەموو ئەوانەش زیاتر، ئەگەر عاشقی ڕاستەقینە نەبیت، مەحاڵە هەستیار و شاعیری شاعیر بیت.
شیعر لە ئیمان هەڵکشاوترە، شاعیر لە ئیماندار بەخشەندەتر و بە مەدەدترە. لە بەهەشتدا شیعر هیچ هەبوونی نییە، تۆ ئەگەر لەگەڵ حەفتاودوو پەریدا، هەر لە کەیف و سەفا و گەوزاندنەوە بیت، کەی بوارت دەبێت بۆ خەڵک و بۆ خەیاڵ.
شیعر لە دۆزەخیشدا قاتییە، تۆ ئەگەر جەللادەکان هەمیشە بە سەرتەوە بن و ئەشکەنجەت بدەن، چۆن بوارت بۆ دەمێنێت کوێرەدێرێکی شکستەی خەیاڵی جوان هەڵگرێنیت، لەسەر دیواری زیندانی ئاگرینتدا.
شیعر داهێنانی ئەو بوارەی نێوان ئەو دوو لایەنەیە (بەهەشت و دۆزەخ). لە کورتە حەسانەوەیەکی مابەینی ئەو دووەدا، کورتەئاهێکی دێتەوە و ئاهەستەیەک دەکات و تاودانێکی خەیاڵی بۆ دەرەخسێت، لەو کورتە حەسانەوەیەدا گۆران دەڵێت:
*لە پێش هەموو شتێکا چونکە کوردم*
*چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم*
*باڵی فڕین، دەنووکی هاوار کردن*
*زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن*
*بلبلیش بم، مادەم قەفەسم تەنگە*
*زمانم لاڵ، نەغمەی شیعرم بێ دەنگە...*
شاعیر دەبێت پێشەنگی دژەگشت بێت، چونکە نابێت بڕوا بکات، کە ئەوەی ئێستا هەیە، ئەوە هەموو هەبوون و هەبووی دونیا و ژیانە. شاعیران لە نەوەی پەیامبەرانن، لەڕاستیدا پەیامبەران شاعیرن، جیاوازییان تەنیا نزیکییانە لە خوا و لە خەڵک، ئەوان گوایە لە خواوە نزیکبوون و قسەکەریشی بوون. ئەمانیش؛ شاعیرانیش بێگومان دەبێت لە کەناری خەڵکدا بن و ئاخاوتەکارشیان بن.
ئەگەر وا نەبن و وا نەکەن، درۆ لەگەڵ خەیاڵ و لەگەڵ سۆز و لەگەڵ عەشق و لەگەڵ دونیا و لەگەڵ ڕۆژگار دەکەن.
ئەگەر شاعیر قسەی بازاڕی بکات، ئەو وێنانە بە کار بهێنێت کە شتەکان بچووک و ڕێگاکان تەسک دەکەنەوە، ئەگەر شاعیر ئەو دیاردانە بکاتە ئامرازی داهێنانی کە ئاساین و هەموو چاوێک دەیانبینێت و هەموو گوێیەک دەیانبیسێت، ئەگەر شاعیر نامۆکان ئاشنا و وشە ترسنۆکەکان جەسوور نەکات، ئیتر ئایا لەم جیهانەدا دەبێت چ پشت و پەنایەک بە هەستیاری و هەڵوێستی شاعیران ببەسترێت؟
خەڵکی ئاسایی بە ڕووح و بە گیان، بەرامبەر پاڵەوانێتی دەڵەرزن، لە لەخۆبوردوویی پێشەنگایەتی دەتۆقن، بەڵام دەزانن و ئامادەی هاوکاریشن کە هەستیاران دونیایەکی نوێ بەرهەم بێنن، چاوەڕوانیشن خەونەکانی شاعیران بێتە دی و ژیار دروێنەی خێر و بیر بکات.
دەسەڵاتداران، دونیایان بەو شێوەیە دەوێت کە لەبەر دەستیاندایە و ئاسان دەگیرێت. ئەوان کەللەیی دەبن بە خەیاڵ و بە خەون؛ چونکە ئەوانە نێچیرێکن ناگیرێن و دەستەمۆ ناکرێن.
دەسەڵاتداران، سەوداسەری خۆیانن، بەوەی وەستا و، بەڕێوەبەر و، بڕیاردەر و دەسەڵاتداری مەملەکەتی سنووردارى خۆیانن. ئەوان ئامرازی ئاخاوتنیان، ژمارەیە، سیاسەتە، ئەو کۆدانەیە کە ڕووح و خەونی پەتیی مرۆڤیان تێدا نییە.
ئەمانەش هەموو پێچەوانەی بۆچوون و بێ سنووریی دیدگای شاعیرن، بۆ ڕیالەتەی ژیان و ژیار و داهاتوو.
ژیانی ئاسایی ڕۆخانەیە بەرەو وشکی، بەڵام لای شاعیر هاژەی شەتاوە بێ وەستان.
ژیار ڕوخسارێکی مات و مەیبووە، لەلای شاعیر نەبێت، کە نهێنییەکانی خەونن و شکستییەکانی دارشەقی هەستانەوەن بەرەو ئاسۆی دوارۆژ.
بۆیە گوناحە، کوفرە، دیوار و پەرژین لە دەوروبەری دونیای شاعیر بەرز بکرێتەوە. ئەو کارە تاوانە بەرامبەر بە ژیان و بەرامبەر بەو مێژووەی سبەی دروست دەبێت.
لەڕاستیدا، نەیارانی شاعیران، لە ڕیاڵەتەی سبەی دەترسن، بۆیە لە ناخەوە لە ڕاستی خۆیان شەرم دەکەن، لە مێژووی خۆیان تەریق دەبنەوە. ئەوان، بە دەمامکی جوانکاریشەوە بەرامبەر ئاوێنەی زەمەن بوەستن، پشتی دەمامک و هەقیقەتی دزێویی خۆیان دەبیننەوە.
لەلای ئەوان هەستیاران، شاعیران، ئاوێنەی زەمەنن، لە پشت ئەستوورترین دەمامکیشەوە بێت، ڕاستیی دوێنێ و خەونی سبەی دەبینن. بۆیە ئەو نەیارانە هەمیشە لەزەت لە شکاندنی ئاوێنە و داشکانی شاعیر، دەبینن.
شاعیران چونکە هەردەم دەرویشی بەرزترین چاکە و گەشترین داهاتوون، بۆیە هاوتەریبی ئەو دەرویشییەیان، پێویستیان بە ڕەقیب و نەیاران هەیە.
شاعیران هەموو لەگەڵ (نازم حیکمەت)ەکان، بۆ جیهان، بۆ بێدەنگەکان، بۆ بێبەشەکان، بۆ ئەوانەی هەر بە خەیاڵیی خۆشی ژیان دەژێن و بەڵام هەر ناگەن، دەخوێنن:
( ئەگەر من نەسووتێم، تۆ نەسووتێیت، ڕووناکی ڕێ لە کوێوە دێ...). شاعیران، بۆ ئەوانە دەنووسن کە هەستیان، نیازیان، بۆچوونیان هەر بەتەمای ئازادییە؛ ئازادی ڕووح، ئازادیی دەنگ، ئازادیی عەشق، ئازادیی ژن، ئازادیی وڵات و نەتەوە.
شاعیری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە؛
لە چەقی نائومێدیدایە و بەڵام هەر بەرەو هەورازە ئاسۆی.
لە میحرابی شێتیدایە و بەڵام ژیرەکان حەیرانی بیرەکانین.
لە برسێتیدایە و بەڵام دەنگی تێرییە و خەڵک هاندەدات بەرەو دەرووی خێر.
لە تەنیاییدایە و بەڵام هەمووانە.
شاعیری ڕاستەقینە ئەو هەستیارەیە کە تا دواهەناسە، لە بەرەی بێبەشانە، پارێزەری نهێنیی عاشقانە، لە پێناوی جوانی و خۆشەویستی و ڕاستییە، وشە و ژیان و هەڵوێستی.

٢٠٠٦/٦/١٦


هۆنراوه

کەمال میراودەلی

# کوردستان

هەر هەورێک هەڵم بگرێ ئەمن لەگەڵیدا دەڕۆم
هەر ڕەشەبایەک ڕامبدا، سەری خۆم دەدەمە دەستی
هەر زریانێک ئامێزم پێدا بکا، هاوڕێیە بۆم،
یان هەر زەریایە شەپۆلی، بمخاتە بڵندیی یان پەستیی
تۆ لەکوێ بی، بۆ وێ دەڕۆم،
هەرچی بێ، بێ سڵیی دەیکەم
بەس ڕووەو تۆ بێ ڕووی دڵم،
تەنیا بە دیدارت بگەم!

# گریان


کەمال میراودەلی

پێ بکەنە: دنیا چاوێکی زەقە
بگری: گوێی کەڕە، دڵێکی ڕەقە
بگری: ئەمجارە تۆ تەنیا نابی
لەگەڵتا دەگرین دڵم و شۆڕەبی
لەگەڵتا دەگرین هەموو خەمخوازان
سەیرکە ئەوا دایکرد بە باران!

# کچێکی ئەنفال

بینیوتانە کچێکی تارمایی
وەکو هەور بەم دەڤەرەدا دەگەڕێ
جار جار وەک باران دەبارێ
جار جار وەک گەڵا دەوەرێ

جار جار وەک پەلکەزێڕینە
کەمەربەندیی ئاسمان دەکا
جار جار زریانە و رەهێڵە
کوشکی دڵان وێران دەکا

جار جار وەکو گڕکانی خەم
لە چاوی دایکێکدا دەکوڵێ
جار جار وەک گۆڕی بەکۆمەڵ
لە ژێر خاکەوە هەڵدەقوڵێ


بینیوتانە کچێکی تارمایی
لەم دەڤەرە دەهات، دەچوو
نە لە هیچ کەسێکتان جیاواز بوو
نە لە هیچ کامێکتان دەچوو!!

# بۆ مەرزییە

(هونەرمەندێکی کوردستانی و بەهەڵوێست)



زوو بوو مەرزییە خان، هێشتا بەیانی زەماوەند بوو،
لە دەرگای پشتەوە ڕۆیشتی
نەمدی وێنەی تارماییە
نەمبیست ورتەیە، چرکەیە،
دوا وتەی ماڵئاواییە،
ئاخ، ئەمە ئۆغری دواییە
دڵ بێ ئۆقرەی تەنیاییە
دوا دیدار، دوا دەنگ، دوا سەدا،
دوا نەوای بێ نەواییە
باوەڕ ناکەم کچی ستران
ئەمە کوفرێکی بیانییە
دەهەڵسەوە بە درۆخەرەوە ئەم بوختانە پەنهانییە
دە هەڵسەوە بڕازێوە ئێستا کاتی گۆرانییە
دەهەڵسەوە باببینم ئاسمان خەندەبارانییە
کوردستان ئاوەدانییە
زوو بوو مەرزیە گیان، ناکاو بوو
ئەم بوونەلەرزە گیانییە
لەرزا ئەم زیندەگانییە
ترازا تەختی خوای شیعر
خودا خۆی پەشیمانییە
دەهەڵسەوە باوەڕ ناکەم
ئەمە کوفری یەزدانییە
لەسەرەوە بۆم بلێوە
ئێستا کاتی گۆرانییە
گشت دەرگاکان لەسەرپشتن
زەماوەندی بەیانییە!



# فیلمی بەڵگەنامەیی یا دۆکیۆمێنتەری

نووسین و ئامادەکردنی: ڕزگار کەریم - لەندەن

لە فیلمی دۆکیۆمێنتەریدا تێزوتۆپیک سەرەتاییە و نە نووسەر و نە دەرهێنەر یا بەرهەمهێنەر و کەسایەتیی کامێراش نازانێت کە دید و نیگاکانیان بەرەو کوێ دەڕوات و چی ڕوو دەدات لە کاتی میتافۆرکردن و بەرهەمهێناندا، تەنانەت ئەگەر بتەوێت چەردەیەک پرسیار پەلکێش بکەیت و کەسێک بدوێنیت، ڕەنگە وەڵامەکانی ئەو کەسە بەرەو جێگایەکت ببەن کە پڕ بێت لە گرێ و گۆڵ و کێشە و کێبڕکێی سەمەرە کە خۆت حەزی پێ نەکەیت. هونەریکی سەرپێیییە (Improvisation) کە دەست پێ دەکەیت، نازانیت چی بڵێیت؟! لە سەرپێیدا تۆ ڕەنگە تێز یا تێکستت هەبێت، بەڵام دەچێت بەرەو تێکسچەر کە دەبێت دوایی دەنگی گێڕەرەوە یا شیکەرەوە یا دەنگی دەرهێنەر بخەیتە سەری وەک (Voice over یا Voice interio یا Voice under) کە تێکست دەشکێت. کامێرا پێویست ناکات لە کاتی جوڵاندنەوەیدا بەهایەکی تر یا دید و نیگایەکی تر بە کێش بکات بۆ سەر ئەو کاراکتەرەی کە دەیگریت، لە مێژووی پۆلەپۆنیزیاندا کە باسی ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەکات زۆر ترسناک<<ئایین>> تێکەڵ بە ڕەگەزپەرستی و ململانێی گریکەکان بنبەست دەکات لە جەنگی سپارتادا ناتەبایی زیللەت و میحنەت پیادە دەکات. لە یۆگۆسلاڤیایی سەدەی بیستەمدا هەمان جەنگ دیسانەوە ڕوویاندایەوە لەنێوانی میللەتەکانی ئەم وڵاتەدا. کە(بی. بی. سی) بە دۆکیۆمێنتارییەکی حەوت کاتژمێری پیادەی کرد. (ئیسیدیدیس) پێشبینی هەموو جەنگەکانی کە لەدوای خۆی ڕوویاندا کردبوو، تەنانەت جەنگی ئەتۆمی ١٩٩٨یشی دەست نیشان کردبوو کە ڕووی نەدا. (برایان لاپینگ) باوەڕی بەوە هەبووە کە بەڵگەنامەکان کارێکی سۆشیالی و مێژوویی بابەتێکی مەزنیان بۆ ئادەمیزاد پەلکێش کردووە. دەتوانیت وەک بەڵگەنامەیی دروستکارێک چەند



ڕزگار کەریم

مێتۆدێک بگریتە بەر بۆ دروستکردنی فیلمی بەڵگەنامەیی، لەوانەش:- ئەگەر ئەو بابەتەی دەتەوێت بەرهەمی بهێنیت لە کۆندا ڕووی دابێت، بەڵام تۆ لەوێدا ئامادە نەبوویت تا وێنەی بگریت ئەڵتەرناتیڤی بیناکردنەوە دەگریتە بەر (Reconstruction) واتە دیسانەوە دیمەن و ڕووداوەکان و کاراکتەرەکان بە نواندن دێنیتەوە پێش، هەرچەندە لەبەر هۆی جیۆوپۆلێتیک و ئایدۆلۆژی ڕەنگە سوڵتە و دەوڵەت دەست تێ وەربدات لە کارەکەتدا و (ڕاستی) لە گێڕانەوەکەتدا (بزر ببێت). بەڵام ئەم جۆرە لە فیلمکردن کارێکی ئیکۆنۆمییە بۆ نیشاندانی ١٠ ساڵی جەنگێک یا پانۆرامای شۆڕشێک، لەم بارەیاندا «ڕیکۆنستڕەکشن»، واتە ستراکچەر بنبەستکرنەوە، دەتوانێت چەردەیەک لە وێنە فۆتۆگرافییەکان و شاهیدەکانی کە لەو جەنگەدا بەشداریان کردووە جارێکی تر بونیادی وێنەییان بهێنیتەوە بەرهەم. تا دەتوانیت ساکار و سادە بڕوانە دروستکردنی دۆکیومێنتەریەکی ڕاست و دروست، چونکە تا بە (فراوانی) بەدوای زانیارییەکاندا بگەڕێیت و هەموو شتێک بئاخنیتە ناوی، زیاتر تووشی گیروگرفت دەبیت. بۆ وێنە گەر بمەوێت لەسەر ژیانی (مامۆستا قادر دیلان) فیلمێک دروست بکەم چاکتر وەهایە لە بازنەی تەسکی خێزانەکەیەوە دەست پێ بکەم. کوڕێکی هەیە ئەویش هونەرمەندە هەموو ژیانی لەگەڵیدا ژیاوە. پاشان دەوروبەری ماڵەکەی دەگرم، پاشان شوێنی کارەکەی و پاشان کاتی حەوانەوەی ئێوارانی کە پاپێک بووە یا دواندنی ئەو خانمەی کە تا دوای مردنیشی هاوڕێی بووە. بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە کوردستان و ئەو کەسانەی کە لە منداڵییەوە هاوڕێی بوون و لە بەغداد و بازنەکە بەربڵاو بکەمەوە هەردەم تووشی گرێ و کێشەی گۆڵەکەم دەبم و هیچ کات ناگەمە ئاکامی باڵانسی ئەو گۆڵەی کە دەمەوێت بیپێکم!! یا «ئەگەر»ی بۆ دابنێی وەک ستانسلافسکی،(ئەگەر) گریمان مامۆستا قادر دیلان لە کوردستان بژیایە چی ڕووی دەدا؟ ژیانی هونەری چۆن دەبوو؟ نووسینە مۆسیقییەکان و بەرهەمەکانی چۆن ڕەنگیان دەدایەوە؟ ئەگەر لە پراغ نەژیایە ژیانی چۆن دەبوو... هتد؟ ئەمەش شێوەیەکە دەتوانیت بیگریتە بەر بۆ دروستکردنی گۆڵ و ڕەخنە و تووڕەبوون دەربارەی ئاکامی ژیانی دەردەسەری و نەهامەتی و تەنهایی و مردنە خامۆشەکەیەوە کە ویژدانی هەموو کوردێکی بەشەرەفی هەژاند.

فیلمی بەڵگەنامەیی (ڕاستگۆیی) پیادە دەکات، نابێت لە ڕاستگۆیی لا بدەیت بۆ مەبەستێکی ئاژاوەنانەوە یا تێکدانی بیری بینەر یا درۆکردن وەک هەواڵ و سیستەمی تەلەفزیۆنی (الجزیرە)!! دەبێت ئەم دەستگا میدیاییە چی بۆ گەلی کورد پێشکەش بکات کە خۆی بیروباوەڕێکی دژ بە کوردی هەڵگرتووە. میدیا یانی بێلایەنی، ڕاستگۆیی، دادوەری، ویژدان، فێرکردن، خۆشگوزەرانیی خەڵکی... هتد.

گەرەکمە بێژم کە فیلمی بەڵگەنامەیی مانای ڕاستگۆییە دەبێت زۆر ڕاستگۆ بیت لە گەیاندنی گوڵەکەتدا. ئەمێستاکە کەس ناتوانێت لاری هەبێت، ئەگەر کامێرا لە کاتی ڕوودانی کارەساتێکدا لەوێدا خۆی مەلاس دابێت بۆ ئان و سات گرتنی چەردەیەک ڕوودا و لە کاتی هەنوکەدا، ڕووداوەکە ئێستایی و ئان و سات لە کاتی ڕوودانیدا بگیرێت، خۆشبەختانە کورد بەهۆی ئەو کامێرا ڤیدیۆیانەی کە لە کوردستاندا بوون و یا ڕژێم خۆی لە ئاسایش گرتوونی و ئەمڕۆ دەست جیهان کەوتووە ڕاستییەکان وەک خۆیان دەگەنە خەڵکی کە ئەمەش چەندەیەک بەڵگەنامەیی زۆر پیرۆزە بۆ نیشاندانی ڕاستییەکان. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە دەست بۆ ئەو فیلم و فۆتۆگرافە ڕاستگۆیانە ڕابکێشم کە (خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) و هاوەڵەکانی وەک کەسانی (عەباسی ڤیدیۆ و پێشمەرگەکان) لە ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتیدا توانیویانە تۆماریان بکەن بەو سەختی و ژیانە ناخۆشەی کە لە شاخ بوون ببنە مێژوویەکی ڕاستگۆ بۆ نەتەوەکەمان. هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووس و کامێرایانەی بیانیش کە هاتوونەتە کوردستان جێی شانازی و بەختەوەرییە کە توانیویانە ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی کورد تۆمار بکەن هەر لە شۆڕشی (قازی محەمەد)ەوە تا شۆڕشی ئەیلوول. ئەگەر بشگەڕێینەوە مێژووی بەڵگەنامەیی، دەبینین کورد بەختێکی باشی هەبووە، یەکێک لەو(سێ) دۆکیومێنتەریانەی کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم کرابن و لە ڕووی تەکنیکییەوە ڕاستەقینە و جیهانی بن، تائێستا مابێتەوە و لە ئەکادیمیاکاندا بخوێندرێن، فیلمێکی بەڵگەنامەیی ١٦ ملم بووە دەربارەی (خێڵی بەختیاری) لە ئێران، کە دوو قوتابی ئەمەریکایی بۆ ماوەی شەش مانگ لە کوردستانی ئێران لەگەڵ خێڵی بەختیاریدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە لە ساڵی ١٩٢٣دا بەرهەم هێنراوە، کە لەدوایدا دێمە سەر باسی ئەم فیلمە. بریا وەزارەتی ڕۆشنبیری دەهات و نوسخەیەکی ئەم فیلمەی لە ئەرشیڤی سینەمایی (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) دەکڕی، چونکە ئەمە کارێکی نەتەوایەتیی گرنگە، لە بیریشمان نەچێت هەر بەرهەمێک لە ٥٠ ساڵ تێپەڕێت بەخۆڕاییە، ڕەنگە بتوانین فیلمێکی بەخۆڕایی لێ دەسگیر


Igor – Child of Chernobyl


Inside Burma: Land of Fear


Killing Priscilla

بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی پرۆتۆکۆڵی داوای بکەین. جۆری ژیان و جلوبەرگ و کەلەپوور و ژیانی مەڕوماڵات و گۆرانی و کشتوکاڵ و خێوەت و کەڵچەری نەتەوەکەمانی بەڕاستگۆیی تۆمار کردووە. بۆ مەسەلەی ئەو فیلمە بەڵگەنامەیانەی کە لە شاخیش گیراون بریا لە جێگایەکی پاک و پوخت و مادەی دژ بە شێ و خراپبوون هەڵبگیرێت یا تۆمار بکرێنەوە بە (دی. ڤی.) یا لە(میمۆری کارت)دا هەڵبگیرێن بە شێوەیەکی دیجیتاڵ تا نەفەوتێن لە تێکدان، چونکە شریتی ڤیدیۆ خۆی لە خۆیدا مادەیەکی کیمیایی تێدایە کە ڕەنگ و کوالێتی و چۆنیتی بە ڕۆشتنی کاتێکی زۆر گوم دەکات.

## کورتەیەکی مێژوویی فیلمی بەڵگەنامەیی

ئەگەر توێژەرەوەیەک بیەوێت بەدوای مێژووی یەکەم (تۆماری بەڵگەنامەیی)دا بگەڕێت ئەوا پێویستی بە گەڕان و هەوڵێکی دوورودرێژ دەبێت تا بگاتە ئەو ئاکامەی کە:-

ــ بزانێت یەکەم تۆماری بەڵگەنامەیی لە مێژوویی مرۆڤدا کامەیە؟! ئایا نووسین و وێنەکانی سەر ئەشکەوتەکانی چاخە دێرینەکان بووە؟ یا یەکەم وێنەی شارستانی گریکە یا میسوپۆتامیا یا فیرعەونەکان یا ڕۆمانەکان یا و یاکانی تر بووە؟! یا یەکەم تابلۆی وێنەکێشێک بووە یا یەکەم فۆتۆگرافی کامێرایەکی شەمسی بووە؟! ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێت!!

ـ بەڵام ئەگەر بڵێین یەکەم (وێنە) بە کامێرایەک دادەنرێت بە یەکەم تۆماری بەڵگەنامەیی، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە سەرەتای دروستبوونی یەکەم ئامێری کامێرای شەمسی کە (نیپس ساڵی ١٨٢٣) دەربارەی سروشت گرتبوونی کە ١٤ کاتژمێر ماوەی نیشاندانەکانی بوو. یا کامێرای جوڵاو کە ئەویش برادەرانی (لۆمێر) بوون لە فەرەنسادا کە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٨٩٥ی سەدەی هەژدەهەمین.

ــ یا ئەگەر بڵێین یەکەم (وێنەی جوڵاو بە دەنگەوە) ئەوا یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی (ڕووناکییەکانی شاری نیویۆرک) بوو لە ساڵی ١٩٢٩دا کە ئەمریکاییەکان بەرهەمیان هێنا بە یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی دەنگی دادەنرێت.[١] هەرچەندە لۆمێر هەوڵێکی سادەی سینەمای دەنگی دابوو لە (دابەزینی کۆنگرەبەستەکان)دا ساڵی ١٨٩٥ لە مابەینی زانای فەلەکی (جانسن) و مێری(نۆڤێل)دا (لاکرانج) بەڵام زۆر ساویلکانە بووە.

هەرچەندە شانازی و پێزانینی سەرلەبەری مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانا فیزیاوییانەی کە توانیان کامێرای شەمسی پێش بخەن تا بارێکی فۆتۆگرافی جوڵاوی نیمچەسینەمایی بگرێتە خۆ لەوانەش (پیتەر مارک ڕۆجیەی ئینگلیزی بە ئەسڵ سویسری بوو) پاشان (جۆن ڕەشل)ی بریتانیایی توانی (گالیسکەی فارابی) دروست بکات لە ساڵی ١٨٣٠دا کە وێنەکانی کە دەیگرتن لەسەر خولێنەرەوەیەک



دیمەنێکی شاری سلێمانی، ساڵانی سییەکان

بەخێرایی لێی دەدان تیشکۆی چاو و بە جوڵاوی دەیبینین.

(جۆرج سادوول) لە کتێبی (مێژووی سینەما لە جیهان)دا دەستنیشانی ئەوە دەکات کە:- (لویس لۆمێر یەکێک بووە لە کامێرا شەمسییە شارەزاکانی سەردەمەکەی، یەکەم فیلمی لویس لۆمێر بە ناوی (دەرچوون لە کارگەکان) بووە وەک شریتێکی بەڵگەنامەیی بێدەنگ کە کیژە کرێکارەکان... لە کارگە دەهاتنە دەرەوە و پیاوان سواری پاسکیلەکانیان دەبوون و... بەڕێوەبەر و خاوەنی کارگەکانیش بە سواری گالیسکەکانیانەوە دەهاتن و پاشان پاسەوانەکان دەرگاکەیان لەسەر دادەخستن... ئەم تابلۆ کۆمیدییانە کە ئەمڕۆ مرۆڤ پێکەنینیان پێی دێت دادەنرێت بە فیلمی بەڵگەنامەیی تۆمارکراو لە ساڵی ١٨٩٥ دا...)[٢] هیچ کەس تائێستا دەستنیشانی یەکەم داهێنەری کامێرای نەکردووە و کەسیش دەستنیشانی یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی نەکردووە و بەردەوام لە هەموو وڵاتێکدا هەوڵی خۆبەخۆییان بۆ دراوە. هەر لە ساڵی ١٨٢٣ تا ١٨٩٥ەوە! دیسانەوە ئەگەر باسی فیلمی بەڵگەنامەیی بکەین بە شێوە ئەکادیمییەکەی کە نامە و گۆڵێکی هەڵگرتبێت و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر یا نووسەرەکەی چجای بارە تەکنیکییەکەی بیانەوێت نامەیەک بگەیەنن. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ڕێچکەیە لە سینەمادا، دەبینین زۆر گرانە کە بەو پێناسەیەی سەرەوەدا بڵێین کامە فیلم یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی بووە! چونکە بەپێی تەفسیرە کلاسیکییەکەی هەر فیلمێک باسێکی ژیانی چوست و چاپووکی بۆمان تۆمار کردبێت، ئەوە بە بەڵگەنامەیی ناسراوە. واتە تۆمارکردنی مێژوویەک یا ڕووداوێک یا دەبەرێک یا سووتان و جەنگێک... بەڵام سەرەتاکانی ئەم ڕێچکەیە دەگەڕێتەوە بۆ برادەرانی لۆمێر، چونکە لۆمێر یەکێک بووە لە کامێرا شارەزا شەمسییەکانی سەردەمەکەی، زۆربەی فیلمەکانی لۆمێر ئەرشیڤی خێزانەکەی بووە لەوانە قاوەڵتیی منداڵ کە نان دەخوات، ماسییە سوورەکان، شەڕوشۆڕی کوڕان، مەلەوانی لە دەریادا و یاریی پۆکەر و یاریی زار و ڕاوی ئۆربیان. کە دادەنرێن بە بەڵگەنامەییەکی کۆمەڵایەتیی ژیانی ئەو کاتەی خێزانێکی فەڕەنسایی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم. هەرچەندە لۆمێر دادەنرێت بە وێنەگری ڕووداوەکان (هەواڵ و دەنگوباسەکان) چونکە یەکەم کەس بووە کە کۆنگرەی وێنەگرە شەمسییەکانی گرتووە کاتێک لە پاپۆڕێک دادەبەزن. پاشان لەم سەردەمەدا زۆر کەسانی تر دەهاتنە فەڕەنسا تا لە جۆری کامێراکەی لۆمێر بکڕن و بیبەنەوە وڵاتەکەیان. بەپێی بیروباوەڕی زانستی تەواوی فیلم دروستکردن وڵاتی (کوبا) دادەنرێت بە یەکەم جێگا کە فیلمێکی بەڵگەنامەیی بێدەنگیان دروست کرد بە ناوی(ئاگرکوژێنەرەوە) لە ساڵی ١٨٩٧دا، واتە دوو ساڵ دوای فیلمە سادەکانی لۆمێر. هەر لە هەمان ساڵدا لە (مەکسیک) سلڤادۆر تۆسکانوباراگان کە ئەندازیار بوو کامێرایەکی لۆمێری کڕی بوو هەستا بە تۆمارکردنی مێژووی شۆڕشەکانی وڵاتەکەی بە ناوی (یادگارییەکانی مەکسیکییەک)، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٤دا دۆزرایەوە کەس نازانێت کە ئایا ئەم فیلمە کاتی خۆی لێدرابوو یان نا!! لە ئوسترالیادا لەنێوانی ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٩ چەند فیلمێک

کرابوون لەوانە (نامەیەک لە مەریخەوە) و فیلمێکیش لەسەر فڕۆکەوانی بوو بە ناوی (ئوسترالیا بانگتان دەکات) کە بێدەنگ بوون پاشان ئێرلەندا فیلمێکی بەڵگەنامەیی خۆی لە ساڵی ١٩١٦دا دروست کرد کە لە شەڕی ئازادی و سەربەستیدا دەژیا کە گوردن لیدیس وێنەی گرتبوو. زۆر بوون ئەو وڵاتانەی کە لەمیانەی ١٩٠١ تا ١٩٢٠ فیلمیان دروست کردبوو لەوانە فیلمێکی وڵاتی شیللی ساڵی ١٩١٠ بوو کە باسی یادی سەربەستی وڵاتی دەکرد. سینەمای ڕاستەقینە و لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٢٢ کاتێ (دزیکاڤیرتن) وێنەگری ڕووداوە ڕاستەقینەکان بوو داوای لێکرا کە ڕۆژنامەیەکی سینەمایی بەڵگەنامەیی دروست بکات پاش ئەو فیلمەی ناوی لێنرا (سینەمای ڕاستەقینە) ئەم وەک لویس لۆمێر دەیکرد حەزی دەکرد ڕووداوەکانی ڕۆژانە بگرێت بەو دیدونیگایەی کە هەر ڕووداوێک چەند چرکەیەک دەخایەنێت و کۆتایی دێت دەبێت بگیرێن نەک دوایی دروست بکرێنەوە . ڕووسەکانیش لەدوای ساڵانی بیستەوە زۆر برەویان بە سینەمایی بەڵگەنامەیی جەنگی دا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەنگاوێکی چاکی نابوو لە دروستکردنی فیلمە بەڵگەنامەییەکاندا کە (قوتابخانەی نیویۆرکی بەڵگەنامەیی) دروست بوو کە سەرەتایەکی زانستی و جوانی بەرهەمهێنانی دۆکیۆمێنتەری دەگرتە ئەستۆ. یەکەم کەسێک کە ئەم ڕێگایەی خۆش کرد (ڕۆبێرت فەلاهەرتی) بوو کە خۆی بە ئەسڵ ئێرلەندی بوو. بۆ خۆی ڕاوچی بوو، توێژەرەوە بوو بەدوای شتی نوێدا دەگەڕا لە بەشی باکووری ناوچە بەفرینەکانی (کەنەدا)دا. یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی بە ناوی(نانوکی ئاسکیمۆ)وە دروست کرد. فەلاهەرتی چیرۆکی ژیانی خێزانی ئەم کابرایە نانوکی ئاسکیمۆی کردە فیلمێک کە چۆن ژیان لە ئاسکیمۆدا بە سەر دەبەن لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەڵچەری و جلوبەرگ و خواردن و ڕاووشکار و ژیانی سادەی تایبەتیان. پاش ئەم سەرکەوتنە فەلاهەرتی دوو ساڵ لە ئاسکیمۆدا ژیا و توانی سێ دۆکیومێنتەری لەسەر ژیانی خێڵەکانی(ماوەری) دروست بکات.

## کورد لە فیلمی بەڵگەنامەیی جیهانیدا

فیلمی بەڵگەنامەیی بەهۆی جەنگ و شەڕوشۆڕی یەکەم و دووەمی جیهانیەوە هاتە کایەوە کە باس لە کارەسات و مەرگەساتەکانی مرۆی دەکرد، بەو پێیەی کە کوردیش بەشێک بووە لە جێنۆساید و لەناوبردن و کارەساتی گەورە و مەزنی هاتۆتە ڕێگا بە هۆی شوێنی خراپی لەمیانەی سێ میللەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا فارس و تورک و عەرەب کەواتە خۆی بۆ خۆی هەوێنی گەورەی بەرچاوی کامێراکانی جیهانی و بەڵگەنامەیی بووە.

لە یەکێ لە کۆڕەکانی هونەرمەند کاک مەهدی ئومێد لە تەلەفزیۆنی «کوردستان تی.ڤی.»یەوە چاوپێکەوتنێکم بینی کە لەگەڵ کاک(حسێن) ناوێکدا کرابوو دیار بوو یا هونەرمەند بوو یا ئەدیب باسی لەوە کرد کە ڕۆبیرت فەلاهەرتی کاتی خۆی فیلمێکی لەسەر (خێڵی بەختیاری) کردووە لە ئێران، زۆر بەداخەوە دەڵێم کە ڕۆبیرت فەلاهەرتی هیچ کات نەچۆتە ئێران و هیچ کات فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر کورد دروست نەکردووە، بەڵکو دوو لاوی ئەمەریکایی کە زۆر سەرسام بوون بە کارەکانی ڕۆبیرت فەلاهەرتی کە لە قوتبی باکوور لەسەر خێڵەکانی (ماوەری) بە ناوی(موانا)وە سێیەکییەکی دروست کردبوو ئەمانیش بڕیاریان دا کە بچن بۆ کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٢٣دا کە بە یەکێک لە سێ فیلمەکانی سەرەتایی بەڵگەنامەیی لە مێژووی فیلمبەرداریدا دادەنرێت، بۆ ماوەی شەش مانگ لەگەڵ خێڵی بەختیاریدا ژیان و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، کە ناویان (مەریان کوپەر و ئێرنست سیدساک) بوون. کە من دایدەنێم بە یەکەم فیلمی هاوبەشی(کوردی – ئەمەریکایی)، بەپێی تەکنیکی بەرهەمهێنانی سینەمایی هەر کەسێک فیلمێک بکات و بەشدارەکانی ناو ئەو فیلمە هەر میللەتێک بن دادەنرێن بە بەرهەمهێنەری ئەو فیلمە. جا هەردوو هونەرمەندی ئەمەریکایی مەریان کوپەر و ئێرنست سیدساک بیانەوێت و نەیانەوێت لەژێر ڕەحمەتی پارێزگاری خێڵی بەختیاریدا بوون و ئەوان نان و خواردن و ئاویان پێ دەبەخشین، کەواتە بە مانا زانستی و سەردەمەکەی دروستکردنی فیلم، خێڵی بەختیاری بەشێک بوون لە بەرهەمهێنەرانی ئەم فیلمە، بۆیە بە یەکەم فیلمی (ئەمەریکایی – کوردی) ناو دەبەم کە مافی خۆمانە وەک میللەتێک شانازی بەم فیلمەوە بکەین. ئەم فیلمە ناوی (کۆچی بەگشتی) بوو بۆ ئەوەی کە فیلمەکە بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک ئەنجام بدرێت، ئەو دوو لاوە سینەماییە چەندەها مانگ لەگەڵ خێڵی بەختیاریدا دەژیان کە لە خوارووی ڕۆژئاوای ئێراندا هاتوچۆیان دەکرد سەدەها کیلۆمەتریان لەگەڵ خێڵی بەختیاریدا دەبڕی کە بە سەدەها منداڵ و ژن و پیاو و لاوانی کورد خەریکی گواستنەوەی مەڕوماڵات بوون. ئەو ساڵانە وشکایی و بێئاوی زۆری بۆ هێنابوون و بەدوای سەوزایی و ئاودا دەگەڕان، پاشان دەگەنە ڕووبارێک کە چۆن پەڕینەوەی زۆر گران دەبێت، پاشان دەڕۆن تا دەگەنە ناوچە شاخاوییەکانی کە بەفر گرتبوویەوە، لەو فیلمەدا پاڵەوانێتیی خێڵی بەختیاری نیشان دەدات کە چۆن بە خۆیان و ماڵ و منداڵ و مەڕوماڵاتیانەوە ئەو شاخوداخانە دەبڕن و پیایاندا سەر دەکەون تا دەگەنە لوتکەکەی. (جۆرج

**... فیلمی بەڵگەنامەیی (ڕاستگۆیی) پیادە دەکات، نابێت لە ڕاستگۆیی لا بدەیت بۆ مەبەستێکی ئاژاوەنانەوە یا تێکدانی بیری بینەر یا درۆکردن وەک هەواڵ و سیستەمی تەلەفزیۆنی (الجزیرە) !!...**

سادوول) ئەمە ناو دەبات بە ( داستانی ڕاستەقینەی ژیان و سروشت). دەبێت ئەوەشمان لە یاد نەچێت، ڕەنگە ئەمە یەکەم فیلمی بەڵگەنامەیی بوو بێت کە لەسەر کورد دروست کرابێت ساڵی ١٩٢٣ کە خۆی دەدات لە زیاد لە ٨٣ ساڵ. هەرچەندە کامێرای فەرەنسایی و ئینگلیزی و ئەمەریکایی گەیشتبووە ناوچەکانی خوارووی تورکیا، واتە کوردستانی باکوور، بەڵام دیارە بە هەر نرخێک بێت حکومەتەکانی تورکیا ئەم فیلمانەیان ڕەنگە کڕیبێت و لە ئەرشیڤی نهێنیدا دایان نابن. ئینگلیزەکانیش لەنێوانی ساڵانی ١٩٣٠ – ١٩٣١دا لە ئاسمانەوە بۆردوومانەکەی شاری سلێمانیان گرتووە و فڕۆکەوانەکانیان لە فیلمێکدا باسیان لەوە دەکرد کە بۆ



دیمەنێکی هەورامان

یەکەم جار توانیان بۆردومانی شاری سلێمانی بکەن. یەکێ لە فڕۆکەوانەکان دەستی کردە گریان و وتی:- وڵاتی ئازای کوردانمان بۆردومان کرد و پاشان دامانە دەست جرجەکان، نەمانهێشت خۆیان ببنە دەوڵەت! لە (ئەرشیڤی ئەی . ئارِ .ئێف)ەوە. بەر لە چەند ساڵێک خانمێکی ئینگلیزیم دەناسی کە دەستگیرانی هونەرمەندێکی کورد بوو ڕۆژێک دەیویست سندوقە کۆنەکانی باپیری پاک بکاتەوە کۆمەڵێ فیلمی بە کامێرای ١٦ ملیم دۆزیبووەوە کە باپیرەی کاتی خۆی چووبووە کوردستانی باکوور و ژیان و ژنهێنان و گۆرانی و خواردن و چۆنیەتیی ژیانی چەند لادێیەکی کوردستانی تورکیای ساڵانی بەر لە جەنگی دووەمی جیهانی تۆمار کردبوو، کە لە کۆتاییدا فیلمەکان بە مۆزەخانەی بریتانیایی پێشکەش کران! جا ئەگەر بێمەوە سەر برادەرە ئەمەریکییەکانی لەمەڕ فیلمەکەی خێڵی بەختیاری، هەر ئەم دوو لاوە بوون کە بۆ یەکەم جار فیلمی (کینگ کۆنگ) یان لە ساڵی ١٩٢٣دا تۆمار کرد کە بە یەکەم فیلمی خەیاڵی زانستی دەربارەی گۆریلا لە قەڵەم دەدرێت. کە ئێستا بۆ جاری سێیەم لە هۆلیوود بەرهەم هێنراوەتەوە. ئەوەی شایانی باسە کە فیلمی (شیرین و فەرهاد)یش لە هیندستان دروست کراوە کە ٢٤ گۆرانی تێدا بووە و لە بینجاب بەرهەم هێنراوە. جۆرج سادوول دەڵێت:- (کەسێک بە ناوی هوندیا لە بینجاب لە لادێ دوور دەستەکەیەوە هاتۆتە شار و بۆ ماوەی ٢٢ بار ئەم فیلمەی تەماشا کردووە).[٣] بەڵام نازانرێت کێ دەری هێناوە و کێش سیناریۆی بۆ نووسیوە و چۆن ئەم شیرین و فەرهادە گەیشتۆتە هیندستان؟

باوەڕم بەوە هەیە کە چ هونەرمەندانی ئەوروپایی یا وێنەگران یا سیخوڕ و کەسە نهێنییەکانی ڕۆژئاوا لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتاییەکانی هاتونەتە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و ژیانی کوردەواریان تۆمار کردووە جا بۆ مەبەستی ڕامیاری و پیلانی خۆیان بووبێت، یا بۆ زانست و لیکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی بووبێت، بەڵام ئاسەواریان یا لە مۆزەخانەکان و ئەرشیڤی نهێنیی ئەو دەوڵەتانەدا هەڵگیراون یا لە ماڵەکانی ئەو زاتانەدا ماونەتەوە کە ڕەنگە بۆ خۆشیی خۆیان تۆماریان کردبن. ڕاستە کە لە سەرەتای جەنگی یەکەمەوە کامێرا هاتۆتە کوردستان و لە ١٩٤٦یشدا شۆڕشی قازی محەمەد بە جوانی تۆمار کراوە و شۆڕشەکانی کورد لە تورکیا و شۆڕشی بارزان و هەموو دۆکیۆمێنتەرییەکانی تریش کە هەموویان پێویستیان بە گەڕان و سۆراخە تا کورد بیەوێت بیانهێنێتەوە ناو ئەرشیڤی کوردستان کارێکی پیویستن. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە دیسانەوە خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدیش بە کامێراکەی خۆی توانیوێتی ساڵانێکی زۆر لە شاخ بە ڕاستی و لە کاتی ڕووداوەکاندا کارەساتەکان تۆمار بکات کە پێویستی بە پاراستن و پاککردنەوە و تۆمارکردنە بە دیجیتاڵ یا دەستکاریکردنی ڕەنگ و بەهاکانی بە شێوەیەکی زانستی، بە کۆمپیوتەری پێشکەوتوو کە ئەمێستاکە زۆر پڕۆگرامی چاک و لەبار هەیە لە ئەوروپادا دەتوانێت ئەم فیلمانە پاک بکاتەوە و جۆ رو چەندێتیان ڕێک بخاتەوە تا بە شێوەیەکی باش هەڵبگیرێن بۆ نەوەکانی داهاتوومان.

فیلمی بەڵگەنامەیی چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:- فیلمی «زانستی و خەیاڵی». فیلمی «سروشتی» لە فیلمە بەنرخەکانی «لۆرد ئەتینبەرە» و فیلمی «کۆمەڵایەتی» و «جەنگی» و «مۆسیقی بە گۆرانی» و «میژوویی» و «ئیستاتیکی» کە دەربارەی تەکنیکی کامێرا و مۆنتاژن کە حەوت جۆری گرنگی دروستکردنی بەڵگەنامەیین. هەر یەکێک لەم جۆرانە فێستیڤاڵ و بەرهەمهێنەر و کۆمپانیای فریلانس و تەلەفزیۆنی تایبەتی هەن کە گرنگی پێ دەدەن. ئەمە و جگە لە فیلمی بەڵگەنامەیی «ڕۆژنامەگەریش» وەک جۆرەکانی(پانۆراما) کە ڕەخنە لە دەوڵەت و سیستەم و خراپەکاری و بەرتیل و گەندەڵی لێپرسراوان دەگرێت، کە پێویستە گرنگییەکی مەزنی وەک جۆرێکی گرنگ پێ بدرێت. ئەمڕۆ کورد و هونەرمەندانی لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بەوە هەیە کە گرنگی بدەن بە دروستکردنی «فیلمی بەڵگەنامەیی»چونکە مێژوویەکی تاڵ و ترش و پڕ کارەساتمان هەیە کە پێویستە نەوەکانی داهاتووی لێ بەئاگا بن و لەلایەکی تریشەوە چەکێکی کوشندە بێت بۆ دادگاییکردنی دوژمنەکانی کورد کە چییان بەسەر ئەم میللەتە هێناوە. نابێت یەک ڕۆژ بوەستین لە نیشاندانی تۆمارە بەڵگەنامەییەکانماندا بۆ گەلانی تری سەر دونیا. زۆریشم پێ باش بوو کە وەزارەتی ڕۆشنبیری یا هونەر لیژنەیەک لە هونەرمەندان پێک بهێنێت بۆ گەڕان و سوراخی هەر شتێک کە لەسەر کورد دروست کرابێت و لە مۆزەخانەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و یا هەر وڵاتێکی تردا هەڵگیرابێت، تا یا بیانکڕینەوە یا کۆپییەیەکیان لێ وەربگرین و لای خۆمان بیانپارێزین.

سەرچاوەکان:
(١) تاریخ السینما فی العالم- جورج سادول. منشورات بحر المتوسط & منشورات عویدات.١٩٦٨.ل٣٠.
(٢) هەمان سەرچوە ل٣٠.
(٣) هەمان سەرچاوەل ٥٠١.


# گرنگترین کێشەکانی سەدەی بیستویەکەم[١]

## ئیگۆن بارڕ (Igon Bahr)[٢]

ڕەحیم بەهرامزادە

کردوویە بە کوردی

ئەگەر کەسێک ساڵی ١٩٠٥ سەری خۆی بەو پرسەوە قاڵ کردایە کە گرنگترین کێشەکانی سەدەی بیستەم چین، ڕەنگ بوو تەنیا یەک فاکتی کە ئەوکات کەمتر سەرنجی ڕادەکێشا، بکردایەتە بناغەی شیکردنەوەی خۆی ئەوەیش ئەو ڕاستییە ساکارە بوو کە ڕادەی بەرهەمهێنانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هی سەرجەمی گرنگترین وڵاتانی پیشەسازیی ئەوکاتی ئەورووپا زۆرتر بوو.
هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەم فاکتەرە بۆ داهاتوو چییە ئەگەر ئەو ڕەوتە هەروا بەردەوام بێت، ئەوکات هێندە ورد نەدەبوو. لەو پێشبینییانەدا نێوی چین هەر نەدەهێنرا ڕووخانی سیستەمی تسارەکانی ڕووسیاش ڕەنگ بوو هەر باس نەکرێت. بەڵام یەک شت بە دڵنیایی هەر نەدەهاتە ئاراوە ئەویش کۆتاییهێنان بە سیستەمی کۆلۆنیالیسم بوو. دوو شەڕی جیهانی هەر پێشبینی نەدەکرا. شەڕی سارد، کە پەنجا ساڵی سەدەی بیستەمی بۆ خۆی تەرخان کرد لە مێشکی کەسدا نەدەگونجا. ئەوەی کە ژمارەی مرۆڤی زیندووی سەر زەوی بۆ یەکەم جار بوو بە یەک میلیارد و سەدوبیست ملیۆن سەرنجی کەسی ڕانەکێشا. ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، بەکارهێنانی ئەتۆم بۆ سازکردنی چەک و بەرهەمهێنانی وزە، ڕاکێتی بەینی قارەیی، ساتەلایت، نیشتنەوەی مرۆڤ لەسەر مانگ، تەلەفوونی مۆبایل، ئەمانە و دەستکەوتی دیکە و پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری زانست بۆ کەس پێشبینی نەدەکرا.
هەموو نیشانەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەو خێراییەی ئێستا لە مەیدانی زانست،



ئیگۆن بارڕ

بەتایبەت لە مەیدانی فیزیک، کیمیا و بیۆلۆژیدا، هەیە نەک هەر خاو نابێتەوە، بەڵکو خێراتریش دەبێت. غەریزەی مرۆڤ ناهێڵێت ئەم ڕەوتە بخرێتە ژێر کۆنتڕۆڵەوە. ئەوانە هەمووی ئیدیعای زانستیارانمان پێدەسەلمێنن کە ڕادەی ئەو شتانەی مرۆڤ نایزانێت لەوانەی دەیزانێت فرەترن. لەوەش ناچێت مرۆڤ ئامادە بێت ڕەفتاری لەگەڵ زانست و لێهاتوویی خۆی بگونجێنێت. هۆیەکەش ئەو غەریزەیەیە، کە دەیان هەزار نەوەیە نەگۆڕاوە: هەوڵ بۆ هێز و دەسەڵات، تامەزرۆیی ئاشتی و ئەوین، خاوەنیەتی و لەزەت.

### ئازادی، یەکسانی، برایەتی

هیچ دینێک تا ئێستە نەیتوانیوە بە نۆرمی خۆی جەوهەری سەرەکیی ئەخلاقی مرۆڤ بگۆڕێت. سەرەڕایی کولتووری هەمەچەشن، هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەورووپایی، چینی، هێندی، ئەفریقایی، عەرەب و ئەمریکاییەکاندا نییە. ئەوەی پێی دەڵێن پێکەوەژیانی مرۆڤانە پرسی هەموو مرۆڤایەتییە کە هیچ پێوەندی بە قارە، ڕەنگی پێست، پێشکەوتن و جیاوازیی ئایینییەوە نییە. لەوە ناچێت مرۆڤ واز لە درێژەدان بەم ڕەوتە بهێنێت، واتە ئەوەی لە دەستی دێت نەیکات.
ئەو کاتەی مرۆڤ، بۆ پێکەوەژیانی پێشکەوتنخوازانەی، لەگەڵ یەک، دروشمی ئازادی و یەکسانی و برایەتی لە کۆمەڵدا هەڵدا بەتەواوی کۆنترۆڵی خۆی لە دەست نەدابوو. ئەودەم بۆی دژوار بوو بزانێت ئەو شەڕەی دوو هۆز لەسەر ئاو دەیکەن ماهیەتەن لەگەڵ شەڕ لەسەر چاڵە نەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ئێستاکە ڕوودەدەن هەر یەکن. باوە ئادەم ئەمرۆکە بەتەواوی "گلۆباڵ"ە بەڵام مرۆڤێکی تازە دروست نەبووە. مرۆڤ هەروەها وەدووی غەریزەی خۆی دەکەوێت، پێشکەوتی سەرسووڕهێنەر دەکات و هەوڵ دەدات ئەو هەڵانەی تەکامول ڕاست بکاتەوە و مرۆڤ و سروشت بە مەیلی خۆی بگۆڕێت. سەیر دەبێت ئەم کردەوانە ببینیت و بزانیت ئەگەر لەو هەڵە ڕاستکردنەوەیەدا هەڵە ڕوویدا مرۆڤ چ دەکات. ئایا دکارێت ئەو پینەیە هەڵوەشێنێت و وەک خۆی لێ بکاتەوە. لەوانەیە پرسیاری سەرەکی لەم سەدە نوێیەدا ئەوە بێت ئایا دەکرێت ئەو کارانەی لەسایەی زانستەوە ئەنجامدانیان مومکینە بەرگرییان لێ بکرێت، هەرنەبێت بۆ پاراستنی خودی مرۆڤ. بە واتەیەکی تر ئایا ئەگەر ئەم ڕەوتە درێژەی هەبێت

گارانتییەک بۆ مانەوەی ئادەمیزاد هەیە؟ ئەوە ئاسان نییە چونکی ئەو تەنگژەیەی سیاسەتمەداران لە سەدەی پێشوو هەیانبوو لەم سەدەیەدا زۆرتر قورسایی دەخاتە سەر شانیان. ئەوان، بەبێ جیاوازی لە سیستەمی سیاسی، گرفتارییەکی هاوبەشیان هەیە. ئەویش ئەوەیە هەموویان لەژێر گوشارێکی زۆردان و دەبێت بەخێرایی وەڵامی زۆر پرسیاری سیاسەتی ڕۆژانە بدەنەوە و بەسەر کێشەکاندا زاڵ بن. کە وابوو بەدەگمەن کاتیان دەبێت لە کاتی پێویستدا قەیران تەشخیس بدەن و ڕێگاچارەیان بۆ ببیننەوە، پێش ئەوەی ببنە کوانووی ئاگر. سیاسەتمەدارانی داهاتوو لەڕاستیدا تەنیا وەدووی ڕووداوەکان دەکەون. ئەمەشیان لێ دەبێتە سەربار کە ناتوانن ئاکامی ئەو بڕیارانەی داویانە و ئەبعادەکەی بناسن. "کۆنراد ئادەناوەر"[٣] سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێی وابوو چەکی ئەتۆمی تەنیا تۆپخانەیەکی مۆدێرنە. ئاکامی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی تەنانەت بۆ "ئۆپێن هایمەر"[٤]یش ڕوون نەبوو ئیتر کوا "ترۆومان" دەیزانی ئاکامی ئەو فەرمانەی داویەتی دەبێتە چی؟سیاسەتمەداران توانای ئەوەیان نییە بڕیار لەسەر پرسگەلی زانستە سرووشتییەکان بدەن، بەڵام ئەوان ناچارن ئەم کارە بکەن. ئەگەر بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت پارە بۆ کارێکی زانستی تەرخان بکرێت، یان تابوویەک بشکێنرێت کە ڕەنگە ریسکێکی گەورە بێت. ئەمە ئەرکێکی گەورەیە سیاسەتمەداران وەها ڕابهێنرێن کە ئاکام و ڕادەی کارتێکەری بڕیاردانی خۆیان بناسن، بۆ ئەوەی میکانیزمی خۆمەهارکردنی مرۆڤ بۆ پاراستنی گۆی زەوی لە دەست دەرنەچێت.

گرنگترین پرسیارەکانی سەدەی ئێمە تا ئێستە بێ وەڵام ماونەتەوە. ڕوودانی شەڕ دوور نییە، تەنانەت شەڕی ئەتۆمیش! ئایا دەکرێت سیستەمی چەکی ئاکتیو لە فەزادا نیشتەجێ بکرێت، ئێستا پێشبینی ناکرێت، چەکی لەیزەر و شەپۆلی(microwawe weapon) کە دەتوانن سەتەلایت شەوارە بکەن ئەمرۆ بۆ گوێچکەی ئێمە نائاشنایە، بەڵام ئێستە تەسەوری ئەمانە ئاسانترن هەتا ئەوەی ساڵی ١٩٠٥ کەسێک بیتوانیایە پێشبینی دروستبوونی فڕۆکەی وا بکات کە ئەو مەودا دوورانە دەفڕن.

## هەموو کێشەیەک ئەمڕۆ جیهانییە

ئیحتیات دەخوازێت پرسیاری ئاسانتر لە خۆمان بکەین، بەتایبەت ئەو پرسیارانەی، هەتا نیوەی ئەم سەدەیەی تێیداین، ئێمە بە خۆیانەوە خەریک دەکەن. پێداویستی بە مەوادی خام و ئێنێرژی لە زیادبوونە، گەرمبوونی گۆی زەوی شتێکی ئاشکرایە، گۆڕانی جەویش. هەروەها. ئەوەی کە ژینگە لە خەتەردایە



لە کۆنفرانسی "کۆیۆتۆ" بەملاوە کەس حاشای لێ ناکات. ئایا بەرگریکردن لە زۆربوونی لەڕادەبەدەری ژمارەی دانیشتوانی سەر زەوی دەگونجێت، لە وڵاتانی تێر و بەرەو پیربوون وەڵامەکەی ڕوونە، بەڵام لە وڵاتانی هەژارنشین هیچ پێشبینییەکی بۆ ناکرێت. ئەم سەرژمارییانەی ئێستا دەکرێن زۆر تەواو نین. هەموو کێشەیەک جیهانییە. عەقڵ و مەنتیق دەخوازن ئەو کێشانە پێکەوە چارەسەر بکرێن، هەر نەبێت، بەهۆی هاوکاریی جیهانی و ناوچەیی، تاڕادەیەک، مەهار بکرێن. ئەمە ناوەڕۆکی بیری ئەورووپایە. دەبێت دەسەڵات بخرێتە ژێر ڕکێفی قانوونەوە. هاوزەمان گومان لەوەدا نییە کە بیرکردنەوەی ئاسایی دەربارەی مەقوولەگەلی وەک پەرەپێدان بە دەسەڵات و سیستەمی خۆپاراستن هەرنەبێت بەرگری لە پەرەپێدانی نفوز هەروەها زاڵە. ئەمەش هەر ئەمریکا ناگرێتەوە بەڵکو چین و ڕووسیا و ژاپۆن و هیند و هەموو ئەو وڵاتانەی کە توانایان هەیە دەست بەسەر ئەو کانگایانەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە کەمبووندان بگرن، یان پێیان وایە دەکەونە تەنگانەوە و دەبێت پێداویستی داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن.

ئەمەش تەواو ڕەوایە. ئارەزووی سوبات بەتەواوی لەگەڵ گۆڕانکاری ناتەبایە. با بڵێین ترس لە «گۆڕانکاری»ش سوبات دەخاتە مەترسییەوە. ئەو بەرنامەی خۆ بە چەک تەیارکردنەی هیند و پاکستان و چین و ژاپۆن هەر کام بەپێی ئیمکاناتی خۆیان بەڕێوەی دەبەن بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەم بەشە لە ئاسیا ببێتە جێگای گەورەترین جبەخانە و ناوەندی سوپایی جیهان. ئەورووپا ئەم پلەیەی لە دەست داوە. تەجرەبەی ئەم قارەیە لەسایەی شەڕی سارددا بۆ کەمکردنەوەی چەک و کێبەرکێی سوپایی بە کاری ئەم سەردەمە نایەت. دیارە حاشاش لە ڕۆڵی سەرەکیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناکرێت. کاتێ ئەمریکا بە نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی بووە تاقەزلهێزی دنیا ، نە تەنیا قەناعەتی بەوە نەکرد کە باڵادەستی لەشکری تەواوی هەبێت، بەڵکو بێ ئەوەی هیچ هەڕەشەیەکی لە لایەن تاقە وڵاتێکەوە لێ بکرێت وەها بەرنامەگەلێکی بردە بەرەوە، کە نە تەنیا ئەوەی تەزمین کرد، هیچ وڵاتێک نەتوانێت وە پێشی بکەوێت، بەڵکو هەموو دنیای وا چاوترسێن کردووە کە کەس نەتوانێت بیر لەوەش بکاتەوە کێبەرکێی لەگەڵدا بکات. لەسایەی ئەم دەسەڵاتە نیزامییە سیحرئاسایەدا ئەمریکاییەکان بە مافی خۆیانی دەزانن بۆ پاراستنی قازانجی خۆیان شەڕی پێشگیرانە (pre-emtive attack)بەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن. دوای تەجرەبەی تاڵی عیراق، ئێستا ئەمریکای زلهێزیش بەوە گەییوە کە هەروەها نیازی بەUNی نە فرە خۆشەویست و «softpower» ئەورووپای کۆن هەیە. سەرۆککۆماری ئەمریکا لە سەفەری ئەورووپایدا باسی پرس و ڕای لەگەڵ هاوپەیمانانی کرد. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە مافی خۆی دەزانێت ئەوەی بۆ پاراستنی قازانجی خۆی پێویست بێت (بە تەعبیری ئەمریکایی) بیکات.


## باڵانسی هێزەکان هەتا نێوەڕاستی سەدەی بیستویەکەم

ئێمە دەبێت ڕابێین لە دنیایەکدا بژین کە تاقە زلهێزێکی تێدایە. ئێمە تازە لە سەرەتای ڕێگاکەداین. ژیرانەیە ئەگەر ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆ پەنجاساڵی داهاتوو لەسەر ئەم بناغەیە دابڕێژین. واتە لەسەر ئەوە حیساب بکەین کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروا

دەمێنێتەوە. بەتایبەت بۆ دامەزراندنی نەزمێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور و پتەوکردنی جێپێی خۆی و زاڵبوونی بەسەر ناوچەکەدا. هەر نەبێت لە سەردەمی ئەم سەرۆککۆمارەدا کە بەشانازییەوە نێوی سەرۆککۆماری شەڕی لە خۆی ناوە ئەم سیاسەتە نایەتە گۆڕین. لەوانەیە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەولاوە ڕەییس یا ڕەییسەیەک بێتە کۆشکی سپی کە کەمتر شەڕخواز بێت، بەڵام ئەویش لەو ڕێبازە لانادات پەرە بە هێز و نفوزی وڵاتەکەی بدات و ئەمریکا وەک دەستەڵاتی یەکەم لە دنیادا بپارێزێت.

لەوانەیە هەتا ساڵی ٢٠٢٠ ئەو ناتەباییەی لەنێوان سوبات و گۆڕانکاریدا هەیە بێتە چارەسەرکردن. ئەگەر بووشی گەنج دەڵێت، یەزدان ئەو دەسەڵاتەی بە ئەمریکا داوە ئاشتی بێنێتە سەر زەوی، ئەوە ئەو وتەیە ئەوە دەگەیەنێت، ئەمریکا بە مافی خۆی دەزانێت زەبر بۆ ئەم مەبەستە بە کار بهێنێت. کە ئەمە لە خۆیدا شێوازێکی هێرشخوازانەیە. واتە ئەمە مەترسییەکە بە هەموو ئەنجامەکانیەوە، چەکی فرەتر، قەیرانی نوێ لە ناوچەکانی دیکەی دنیا. ئەگەر ئەمریکا ئەو تەعبیرەی بووشی پیر بە جیدی بگرێت کە گوتی، ئەمریکا تاکە هێزێکە کە دەتوانێت نەزمێکی نوێ لە عالەمدا دابمەزرێنێت، کە وابێت ئەمریکا ئەوکات وەک «primus inter. pares»(٥) ئامادەیە خۆشی ملکەچی ئەم نەزمە نوێیە بێت و پشتیوانی لە UN بکات و میکانیزمەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بەهێز بکات و وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆی بە کاری بهێنێت.

ئەوکات ئەم ڕێکخراوەیە دەبێتە داوەڵ و کەس ناوێرێت ئەمەی ئێستا ئەمریکا دەیکات یانی بەکارهێنانی زۆر تا ئەو جێیەی زەبری بڕ دەکات دووپات بکاتەوە. کە وابوو ئەمە خۆی دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی ئەو گرژییەی ئێستا بەسەر جیهاندا زاڵە. بە مەرجێک وڵاتانی دنیا دڵنیا بن ئەمریکا سوبات دەپارێزێت لەژێر سایە"UN"یکدا کە بەباشی کار دەکات. ئەم حاڵەتە، تەنانەت بەو سیستەمی ڤیتۆیەی ئێستاشەوە نەگونجاو نییە. پێشبینی ئەوەی ئایا گۆڕانکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکاییەکان دەرخۆنەیەک لەسەر تەنووری گەرمی پێشبڕکێی سوپایی لە ئاسیا دابنێنن زۆر دژوارە. ئێمە جارێ نازانین، ئایا ئەو نزیکبوونەوەی چین و هیند هەر بەرەوپێش دەچێت و بەردەوام دەبێت. ئەگەر وابێت ئەوە هێزێکی ناوچەیی دکارێت سوباتی هەرێمەکە بپارێزێت، ئەرکێک کە ئێستە لەسەر شانی ئەمریکایە. ئەمریکاییەکان خۆی دەزانێت نفووزی لەسەر ئاسیا زۆر کەمترە، هەتا لەسەر ئەورووپا




هەربۆیەش وڵاتەکە مەیدانێکی تەسکی هەیە. ژاپۆن هەموو هەلومەرجی تێکنیکی پێویستی هەیە لە ماوەیەکی نیسبەتەن کورتدا چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت، پوتانسیەلەکانی ئاسیا تەنیا بەپێی شەرت و شرووت لەژێر ڕکێفی کۆنترۆڵی ئەمریکادان. زۆر سیناریۆ هەن کە بە هیچ شێوەیەک پێشبینی وردیان بۆ ناکرێت. ئەمەش بۆ خۆی سوباتی دایمی دەخاتە ژێر پرسیاری جیدییەوە. "ئاشتی هەموو شت نییە بەڵام بەبێ ئاشتی هیچ شتێک بایەخی نییە" ئەمە فۆرموولی ویلی براندت بوو، بۆ ئەوەی شەڕیسارد نەبێتە شەڕی گەرم. ئەوەی ڕاست بێت بە لە بەرچاوگرتنی ئەو هەموو توندوتیژییەی ئێمە دەیبینین ئێستاش هەر بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. هەر چەندە خواستی ئازادی، بەرابەری، سەربەخۆیی و برایەتی ئارەزووی دێرینەی مرۆڤن، بەڵام ئەمانە هەموو درووشمی بەتاڵن ئەگەر مرۆڤ لە ژێر ئازاری بێبەزەییانەی شەڕدا بناڵێنێت. دیمۆکراسیش، ئەگەر بە زەبر و زەنگ بڵاو نەکرێتەوە، بۆ ئەوانەی لێی بێبەشن، جازیبەی یەکجار زۆرتر دەبێت. نەبوونی شەڕ مەرجی سەرەکییە بۆ ئەو گۆڕانکارییە جیدیانەی کە کەس ناتوانێت حاشا لە پێویستبوونیان بکات. لە کاتێکدا کێشە سەرەکییەکانی دەورانی ئێمە دەبێت بە ئیحتیاتەوە شی بکرێنەوە، پرسیارە بە رووالەت لاوەکییەکان سەرئێشەی گەورەترمان بۆ چێ دەکەن. ئەورووپا دەتوانێت بایەخی لە داهاتوودا لە ئێستە فرەتر بێت، ئەگەر لە داهاتوودا هاوکاری ببێتە دروشمێکی سەرەکی.

پێشکەوتی موعجیزەئاسای ئەورووپا کە بە دەورانی شەڕدا تێپەڕیوە و وازی لەو کەرەسەیە (شەڕ) هێناوە و پێی وانییە ئامرازێکە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان، ئاسۆیەکی تازەمان بۆ دەکاتەوە. هاوکاری دەوڵەتە نەتەوەییەکان کە بەتەنیایی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کێشیان لە یەکێتیی ئەورووپادا لاوازن، دەتوانێت، ئەگەر یەکێتیی ئەورووپا نەشبێتە سیستەمێکی فیدراڵ، عەرزی ئەندام بکات و ببێتە فاکتۆرێکی دەسەڵات کە هەڕەشە لە کەس ناکات. مۆدێلی سۆفتپاوەر (softpower) دەتوانێت ببێتە سیستەمێکی فرە جەزاب.

ئەگەر یەکێتیی ئەورووپا بتوانێت بەباشی هەڵسووڕێت. مەرجی سەرەکیش بەڕێوەبردنی بیستوپێنج وڵاتی ئەندامە کە هەرچەند ئەورووپا لەوەی پێنج ئەندامی دیکەشی لێ زیاد دەبێت لەرزی لێ هاتووە، بەڵام ئەم یاوە نەک لەبەر بێ سەبری بەڵکو ترس لە گیروگرفتی چاوەڕواننەکراوە. باش ئەوەیە بەپێی پەیمان میکانیسمی پێویست بێتە چێکردن و نێوی قانوونی ئەساسی (دەستوور) لێ بنرێت، هەرچەندە زۆر وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا تەنانەت تەحەمووڵی نێوەکەشیان پێ ناکرێت.

ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسرێت، کەس ناتوانێت پێشبینی بکات، ئایا قانونی ئەساسیی ئەورووپا پەسەند دەکرێت. لەوەش خراپتر ، دەبێت چی بکرێت، ئەگەر پەسەندکردنەکەی جێبەجێ نەبوو. ئەوکات تەنیا دەبێت باسی ئیحتیمالات

بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، کە ئایا ئەوەندە هێز و بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە کە نەیەڵێت شیرازەی بازاڕێکی ئاوا مەزن لە ئەوروپای نیشتمانپەروەراندا لە یەک بترازێت. ئەمە لە حاڵەتی پەسەندنەکردنی قانوونی ئەساسیدا پرسیارێکی جیدییە واتە ئەو کاتەی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتانی ئەندام بایەخیان لە بەرژەوەندیی گشتیی ئەوروپا زۆرتر بێت. ئەمە بە مانای کامڵنەبوونی ئەوروپایە کە بەرژەوەندیی خۆی ناناسێت. ئەوەش بڵێین وڵاتانی دیکە لە سەر ئێمە ڕاناوەستن و ناپرسن کەنگێ ئەوروپا باڵغ دەبێت. ئەمریکا بەپێی بەرپرسیارەتی ناتوانێت لەسەر ئێمە ڕاوەستێت و لەوانەیە پێشی ناخۆش نەبێت، ئەگەر بۆ بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە پێویستی نەزانێت ئاوڕ لە ئەوروپا بداتەوە. هەموو وڵاتانی قەوقاز چارەیەکیان جگە لەوە بۆ نامێنێتەوە بۆ پاراستنی قازانجی خۆیان چاویان زۆرتر لە ئەمریکا بێت تا ئەوروپا. لە سەرجەمی کۆمارە جنووبییەکانی سۆڤیەتی پێشوو ئەوە دەبینن، ئەورووپا تەنانەت بەرنامەیەکی بۆ سەقامگیربوونی ئاسیای ناوەندی بۆ گەلاڵە ناکرێت. بۆیەش ئەم وڵاتانە بۆ نزیکبوونەوە لە ڕووسیا یا ئەمریکا و یان لە هەردوولا مانۆڕ دەدەن. دەکرێت بۆ هەمیشە دەرکەی ئەوروپا لە ئۆکراین پێوە بدرێت؟ نزیکبوونەوە لە ڕووسیا لە باری سیاسی و ئابوورییەوە لە بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا گرنگتر نییە؟ دەبێت جوابی پرسیاری یەکەم هەتا ساڵی ٢٠٠٨ بدرێتەوە چونکە ڕوون نییە کێ دێتە جێگای پوتین کە بێ مەیل نییە لە ڕۆژئاوا نزیک بێتەوە، لەکاتێکدا بۆ بڕیاردان لەسەر دووەمی دەبێت پازدە ساڵی دیکە ڕاوەستین. چونکە ئەودەم کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە. ئایا بێدەسەڵاتی گشتیی یەکێتیی ئەوروپا کە هەر خەریکی دامودەستگای ئیداری خۆیەتی چ ٢٥ یان ٣٠ ئەندامی هەبێت، ناتۆ دەکاتە ئۆرگانی سەرەکی بۆ مسۆگەرکردنی سوبات؟ ئەو ناتۆیەیی کە ئەمریکا تەواو بەسەریدا زاڵە؟ هەر ماوەی کورتی دە ساڵی داهاتوو زۆر پرسیار دەخەنە ڕوو، کە کەمتر جوابیان دەدرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئیحتیمالاتیش بێنینە مەیدان.

ئەوروپا دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە فەرامۆش بکات ڕۆڵێکی ئاکتیوی لە ڕووداوەکانی جیهاندا هەبێت ئەگەر هەر نەبێت گرووپێک لە ئەندامانی یەکێتیی ئەوروپا توانایی و مەیل لە خۆیانەوە نیشان نەدەن لە بواری سیاسەتی دەرەوە و ئەمنیەتیدا قابیلیەتی خۆیان بەرنە سەر.

جا با بێینە سەر تێرۆریسم. پێکدا هەڵچوون لەنێوان دەسەڵات و شێوەی ژیانی هەردوولا، کە ئیعلانی شەڕیان دژی یەک کردووە لە نەبەردێکی نابەرانبەردا دوایی دێت. بۆ ئەوەی کۆمەڵی نێونەتەوەی ئەم شەڕە بباتەوە (ئەمە کاری ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نییە) دەبێت دوو عونسوری گرنگ لەبەر چاو بگرین. ئەگەر هەژاری و تەحقیر دوو هۆی سەرەکیی ئەو شتەن کە ئێمە نێومان ناوە تێرۆریسم، دەبێت بە شێوەیەک کە بۆ ئەوانی دی جێی باوەڕ بێت، دەرکە بۆ ژیانێکی شیاوی مرۆڤ بکرێتەوە. ئەوەش پێویستی بە هاوکاری نێونەتەوەیی هەیە. یانی ئەو پرێنسیپە بکرێتە پارادیگمێکی گشتی، ئەو کێشەیەی، کە ئەوروپا تێی گەییوە بەڵام بەڕاستی ناوێرێت بۆ چارەسەرکردنی هەنگاو هەڵهێنێتەوە.(٦)

پەراوێزەکان

(١) نووسەری ئەم وتارە ڕاوێژکاری ویلی براندت سەدر ئەعزەمی پێشووی ئەڵمانیا بوو و ئێستاش زۆر بایەخ بە بیروڕای دەدرێت.
(٢) کۆنراد ئادێناوەر یەکەمین سەدری ئەعزەمی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا و ڕێبەری پارتیی دیموکرات مەسیحی (CDU) پاش شەڕی دووەمی جیهانی.
(٣) ئۆپێن هایمەر یەکێک لەو کەسانە بوو کە دەوری سەرەکییان لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمیدا هەبوو.
(٤) ئیستلاحێکی لاتینییە کە زۆرتر لە تەشەر دەچێت (یەکەم لەنێو ئەوانی وەکو یەکن).
(٥) مەبەست لە نیشتمانپەروەر ئەو وڵاتانەن کە لەبەر قازانجی بەرچاوتەنگانە بەرژەوەندییە گشتییەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەخەنە ژێر پێوە.
(٦) ئەم وتارە لە گۆڤاری مانگانەی (Internationale Politik) ژمارەی ژوڵای ٢٠٠٥ وەرگێڕدراوە و لە دەقی ئەڵمانییەکەیەوە کراوەتە کوردی، گۆڤارەکە بە ئەڵمانی و ئینگلیسی بڵاو دەبێتەوە. (وەرگێڕ)


## چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن

### ٨-١٢ تا ١٤-١٢-٢٠٠٦

لە ڕێککەوتی ٨-١٢-٢٠٠٦وە چوارەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی بۆ ماوەی یەک هەفتە لە سینەمای (ڕیۆ)ی ناوچەی دۆلستن بەڕێوە دەچێت:

RIO CINEMA
107 KINGSLAND HIGH STREET
LONDON E8

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە فێستیڤاڵەکە، تکایە پەیوەندی بکەن بە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن:

020 77350918

Mustafa Gundogdu
E-mail: mustafa.gundogdu@gmail.com
Mobile: 00447876710250

LONDON KURDISH FILM FESTIVAL

Ata Mufty
E-mail: atamufty@yahoo.co.uk
Mobile: 00447811464591